عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری

**دەزگەها سپیریز یا چاپ و وەشانێ**

**خودانێ ئمتیازێ:** حافظ قاضی

**سەرنڤیسەر:** مؤید طیب

* کتێبا هژمار (١٢)

* عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری

* دانانا: د. فەرهاد پیربالّ

* دەرهێنانا هونەری: ربیع خەلاتی

* بەرگ: نزار رشاد

* سەرپەرشتیاریێ چاپێ: زاگرۆس محمود

* ژمارا سپاردنێ: (٤٤ ) سالا ٢٠٠٢

* چاپخانە: وەزارەتا پەروەردێ ـ هەولێر

* تیراژ: (١٠٠٠) دانە

**( مافێن چاپکرنێ دپاراستینە )**

# عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری

## تازەکردنەوەی شیعری کوردی و
## داهێنانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردی دا

د. فەرهاد پیربال

دهۆک 2002

## وشەیەک لەباتی پێشکەش

چەند بەشێکی ئەم باسە، بە جیا جیا، وەک پێداویستییەکی ئەکادیمی، لە بەهاری ٢٠٠١دا پێشکەشکرایە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر. ئەو پرۆفیسۆر و یاردیدەدەری پرۆفیسۆرانەی کە ئەم تۆژینەوەی منیان چووبووە بەردەست بۆ هەڵسەنگاندن، ڕەزامەندییان پیشان نەدابوو کە بە «تۆژینەوەیەکی ئەکادیمی» حسێب بکرێت.

من لێرەدا خوێنەران تەنیا لەمە ئاگادار دەکەمەوە کە ئەم کتێبەی من، بە بۆچوونی ئەو ناوبراوە بەڕێزانەی زانکۆ: «ئەکادیمی» نیە...

# پێڕست

**بەشی یەکەم**
ع.ڕ. هەکاری، تازەکەرەوەی شیعری کوردی. ١١

**بەشی دووەم**
شیعرەکانی شاعیر.............. ٥١

**بەشی سێیەم**
ع. ڕ. هەکاری، داهێنی شانۆنامەی کوردی. ٩٩

**بەشی چوارەم**
پەخشانەکان................. ١٦١

**پاشکۆ (بەڵگەنامە و وێنە)........ ١٧٩**

## پێشەکی

ئەم تۆژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ روونکردنەوەی رۆڵی شاعیری نووبێژ، عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاری ( ١٨٩٠-١٩٥٨) لە بواری تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا. ئامانجمان ئەوەیە کە بتوانین بسەلمێنین: نەخشی عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاری لە تازەکردنەوەی شیعردا بە چەند ساڵێک دەکەوێتە پێش هەوڵدانەکانی رەشید نەجیب، عەبدولڕەحمان بەگی نفووسی، شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران. هەروەها بتوانین لەم بوارەدا دەستاوەردە تازەکانی ناوبراو دەسنیشان بکەین. بێگومان ئەم کارەش یارمەتیمان دەدات بتوانین باشتر و زانستییانەتر مێژووی تازەبوونەوەی شیعری کوردی بنووسینەوە، کە بەدرێژایی مێژوو، سەبارەت بە دەیان هۆ، نەمانتوانیوە کارەکە بکەین.

لە بەشێکی دیکەی ئەم تۆژینەوەیەدا، دەمانەوێ توانا و بەهرەی مۆدێرنیستانەی ناوبراو لە بواری شانۆنامەدا روون بکەینەوە کە جمکانەی هەمان بیری نوێخوازانەی ناوبراوە لە بواری شیعردا؛ یەکەمین شانۆنامە بە زمانی کوردی چۆن لەسەر دەستی ئەم نووسەرە مۆدێرنیستەی چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم هاتە کایەوە؟!

یەکەمین تۆژەر کە ناوی عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاریی هێنابێت

محەمەد ئەمین بۆز ئارسلانە، ئەمەش کاتێ سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری (ژین)ی ئەستەمبۆڵی ١٩١٨-١٩١٩ کۆکردەوە و بە ئەلفوبێی لاتینی، لەگەڵ پێشەکیەک، لە ئۆپسالا (لە سوێد) لە ساڵی ١٩٨٥ لە چاپی دانەوە. ئینجا د. عیزەدین مستەفا رەسوول لە کتێبی (ئەدەبیاتی نوێی کوردی) لە ساڵی ١٩٩٠دا ئاماژەیەکی بە رۆڵی ئەم شاعیرە نووبێژە کردووە. پاشان حازم کلیچ زۆربەی بەرهەمەکانی، لەگەڵ پێشەکیەک، بە ئەلفوبێی لاتینی، لە دانمارک لە ساڵی ١٩٩١ لەچاپداوەتەوە. لە دیماهیشدا، کاک شەوکەت سندی، بە سوودوەرگرتن لە تۆژینەوە و باس و وتارەکانی ئێمە - کە بۆ خۆیشی بەئاشکرا لە کتێبەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆ کردوون - لە سالی ١٩٩٩دا کتێبێکی لەم بارەیەوە چاپ کرد. هەموو ئەمانە، بێ ئەوەی بەشێوەیەکی فراوان و ئەکادیمی، لە نەخشی ناوبراو لە بواری شانۆنامە و تازەگەرێتی شیعرەکانی و دەوری پێشڕەوانەی ئەو بکۆڵنەوە.

کەواتە ئەم کتێبەی بەردەست، یەکەمین هەوڵدانی فراوانە کە دەوری ئەم نووسەرە نووبێژە لە بواری داهێنانی شانۆنامە و تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا دەخاتە ژێر تیشکی تۆژینەوەی ئەکادیمیەوە.